www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:38 4-10-2006

## مادده بێهۆشکەرەکان هەڕەشەیە بـــۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییمان .. سەلاحەددین بابەکر

یەکێك لەو مەترسییە گەورانەی ئەمڕۆ ڕووی لە کوردستان کردووە، دیاردەی بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکانە، کە بەداخەوە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندایە، ئێستا لە کوردستاندا بە دەیان.. بگرە بە سەدان کەس بە گوێرەی ئامارەکانی بەرێوەبەرایەتیی نەهێشتنی مادده بێهۆشکەرەکان گیرۆدەی بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکان بوون، چاوەڕوان دەکرێ ژمارەشیان بەرەو زیاتر بچێت، چونکە سروشتی بڵاوبوونەوەی ئەو مادده ژەهراوییە بە جۆرێکە هەر وەکو ئاگری ناو پووش بڵاو دەبێتەوە، ئەگەر دەستبەجێ ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی نەگیرێت.

ترسناکیی مادده بێهۆشکەرەکان کۆ دەنگییەکی نێودەوڵەتیی لەسەرە، هەر لەبەر ئەوە چاندن و بازرگانیکردن و بەکارهێنانی ئەو ماددەیە بە تاوانێکی گەورە دادەنرێت و سزای توندی بۆ دانراوە.

هاتن و بڵاوبوونەوەی مادده بێهۆشکەرەکان بۆ کوردستان و عێراق هەروا لەخۆوە نییە، بەڵکو بە گوێرەی پیلان و بەرنامەی مافیاکانی بازرگانیکردنە بەو ماددەیە، ئەگەر نەڵێین دەستی هەندێ لایەن و هەتا دەوڵەتی ناحەز بە عێراق و کوردستانی لەپشتەوەیە، چونکە ئاشکرایە هەر کەسێك گیرۆدەی ئەو مادده ژەهراوییە بوو، ئەوە ئیتر کەڵکی هیچی پێوە نامێنێ، چ بۆ خۆی و چ بۆ خێزان چ بۆ کۆمەڵگا و نیشتمانەکەی.

لەو ڕەوانگەیەوە، دەتوانین بڵێین مادده بێهۆشکەرەکان هەڕەشە و مەترسین بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییمان، لەبەر ئەوە پێویستە بە گوێرەی بەرنامەیەکی هەمەلایەنە و تێروتەسەل ڕووبەڕووی ببینەوە، ئەوەی تا ئێستا کراوە و دەکرێ جێگای پێزانین و دەستخۆشییە، بەڵام زۆر لەمە زیاترمان پێویستە بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەو مادده مەترسیدارە، بەتایبەتی ئێستا سەرەتای بازرگانیکردن و بڵاوبوونەوەی ئەو ماددەیە لەناو کوردستاندا، بۆیە ئەمڕۆ سنوردارکردن و بنبڕکردنی ئەو ماددەیە زۆر ئاسانترە لەوەی کە خوانەخواستە پاش چەندساڵێکی تر، کە دیاردەکە تەشەنەی سەند، ئەوە کات ئەرکەکە دەیان ئەوەندەی ئێستا گرانتر و ئاڵۆزتر دەبێت.

ڕووبەڕووبوونەوەی مادە بێهۆشکەرەکان تەنها بە گرتن و سجنکردنی ئەو کەسانە ناکرێ کە بازرگانی بەو ماددەیەوە دەکەن، یان بەکاری دەهێنن، ئەمە بەشێکە لە چارەسەر، بەڵام هەنگاوی تر وەك بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی ترسناکیی ئەو ماددەیە و، چەندین هەنگاوی دیکەی دەوێت.

بە کورتی دەمەوێ بڵێم پێویستە لەسەر دەسەڵاتی کوردی بەتایبەتی پەرلەمان و حکومەت، جددیتر ڕووبەڕووی مادده بێهۆشکەرەکان ببێتەوە، پێویستە هەڵمەتێکی نیشتمانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مادده ژەهراوییە رابگەیەنێت، پێش ئەوەی دیاردەکە بە تەواوی تەشەنە بسەنێ و لەدەست دەربچێت.